# ژن، ئەسپ، تفەنگ

سەلاحەدین بایەزیدی

زۆربەی ئەو مێژوونووس و کۆمەڵناسە بیانییانەی کە لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری نوسیویانەو تەنانەت زۆر لێوەکۆڵی کوردیش، پێیان وابوە کە کۆمەڵگای کوردەواری بە سێ شتە گرێ دراوەو سێ شتی خۆش دەوێ، کە ئەویش ژن، ئەسپ و تفەنگە. بەگوێرەی ئەم پێوانەیە دەتوانین بڵێین ژن وەک بەشێک لە کۆمەڵگا چاوی لێنەکراوەو وەک ئامرازێکی خۆشگوزەرانی و جوانی و خۆنیشاندان بینراوەو کاتێک دەگوترێ کۆمەڵگا گرێدراوی سێ شتە، تەنیا باس لە توێژی پیاوان دەکرێ.

ئەو بۆچوونە زۆرتر لەلایەن بنووسە غەیرە کوردەکانەوە دەدەبردرێ و بەشێک بووە لە ڕاستی ژیانی کورد. لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە: گوڵ محەممەد قارەمانی ڕۆمانی "کلیدر" لە ئاخرو ئۆخری بەرگی چوارەم بە بینینی قەرەئات(ئەسپەکەی)، مارال(ژنەکەی) و برنویەکی جووت لوولی ئاڵمانی تیشق دەکەوێتە چاوەکانی، دواجار خۆی لەبیر دەچێتەوە و ناتوانێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێت و دوو ئەفسەر دەکوژێ.

ڕۆمانی کلیدر کە ڕۆمانێکی زۆر سەرکەوتوویە لەئێران و لە دە بەرگ پێک دێت، لەڕۆمانە هەر بەرزەکانی ئەمڕۆی فارسە و بەچەندین زمانی زیندووی جیهان وەرگێڕدراوەتەوە. ئەم ڕۆمانە باس لەو کوردانە دەکات کە سەرەڕای ئەوەی لە خاک و جوگرافیا و قەوم دابڕاون، لە جێگەیەکی دوورو لە نێو نەتەوەکانی تر دا دەژین، هێشتا تایبەتمەندییە کۆنەکانی خۆیان پاراستووە و پێداگری لەسەر دەکەن. نووسەری ڕۆمان دەچێتە نێو ناخی کەسایەتی کوردەوەو بە شێوەیەکی گەلێک زانایانە مامەڵەی لەسەر دەکات. نەتەنها لەنێو کوردەکانی خوراسان، بەڵکو کوردستان پڕە لە گوڵ محەممەدو هەر ماڵە کوردێک گوڵ محەممەدێکی تێدایە. گوڵ محەممەدێک کە سینگی هەڵمساوە بە غووری فیوداڵی و پاشکەوتوویی، کەللە وشکە، ئیجازە بەخۆی دەدات هەر کارێک بکات و ئاسۆی ڕوانینی بەربڵاو بێت و ئەو مافە بۆ ژن بەڕەوا نابینێ، دەم کورت بیر دەکاتەوە و هێزی چەک و بازوو لە هەموو شتێک گەورەتر دەبینێ و ئەوەش وای لێدەکات بەرزەدەماغ بێ. ژیرانە بیر ناکاتەوە و ناتوانێ ئایندە لێک بداتەوە.

ئەم خاڵەی سەرەوە نموونەیەک بوو لە کوردانی سی ـــ چل ساڵ لەمەوپێش، کەواتە هەتا ئەم دواییانەش هەر بەم شێوەیە ناسیویانین. بەڵێی ئەم پێناسەیە بۆ کوردانی ئێستاش ڕاست بێ و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبێ؟

ئەمڕۆکە سەردەمی ڕۆژگارێکی نوێیە لە جیهانداو نوێبوونەوە خۆی دەسەپێنێ. کۆمەڵگای کوردیش بەدەر نییە لەم ڕاستییەو ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێ، ئەوا لەم دونیا پان و پۆڕەدا جێگەیەکمان نییە بۆ ژیان.

پێشکەوتنەکان ڕێگەی گوندە کوێرەکانی کوردستانیشیان دیتۆتەوە.

ئیدی دەنگی تەقڵەکوت و حیلەی ئەسپەکانی کەحیل و ڕەهوان نایەتە گوێ، ئامرازەکانی مودێرنی هاموشۆ جێگەیانی گرتۆتەوە، بەڵام تفەنگ لەپێشوش زۆرتر بایەخی هەیەو چاوەڕوان دەکرێ لەداهاتوودا پڕەدەنگ تریش بێ.

ئەی ژن..؟

پرسیارێکە و زۆر پێویست نابینم وەڵامی بدەمەوە. چونکە ڕەوشی ئێستای ژن لەپێش چاوە. بۆیەش بەچەند پرسیارێکی دیکەی لەمجۆرە وەڵام دەدەمەوە؟

ئایا ژن دەتوانی لەڕیگەی بەکارهێنانیان، خۆی لەریزی ئەم ئامرازانە دەربخات؟

ئایا پێویستە ژنیش خۆی بەچەک بکات؟

بێدەنگ بوونی چەکەکان چەندە کاریگەریی هەیە لە پاشکەشێ کردنی ئەم چەمکەدا؟